# ڕەشنووسی
# پەیڕەوی ژمارە (   ) ساڵی ٢٠٢٠

## پەیڕەوی
## ناناوەندێتی بەڕێوەبردن و دارایی
## لەهەرێمی کوردستان – عێراق

## ڕەشنووسی

## پەیڕەوی ژمارە (     ) ساڵی ٢٠٢٠

## پەیڕەوی

## ناناوەندێتی بەڕێوەبردن و دارایی لەهەرێمی کوردستان – عێراق

پاڵپشت بە بڕگەی ( ٣ ) لەمادەی ( هەشتەم ) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە ئاستی کارگێڕی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و پشت بەستن بەیاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠٠٩، و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٩، و یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٥، و بڕیاری پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٥، و پشتبەستن بە ئەحکامی مادەکای ( دووەم ) و ( پێنجەم ) و ( شەشەم ) لەیاسای ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠٠٩، و بەمەبەستی ڕێکخستنی تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و کارگێڕییان لەهەرێمدا و پەرەپێدانیان، و لەپێناو بەدیهێنانی پرەنسیبی ناسەنتەرت لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەمەبەستی ئاسانکاری و چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بە هاوڵاتییان و پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی دانیشتوانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەسەر بنەمای دادپەروەری و شایستەبوون، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (   ) لە ڕۆژی (    /    /٢٠٢٠ ) ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەرکرد :

## مەبەست لە ناناوەندێتی بەڕێوەبردن و ئامانجەکانی

### مادەی یەکەم /

بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە ( ناناوەندێتی بەڕێوەبردن ) بریتییە لەدابەشکردن و دابەزاندنی دەسەڵاتە کارگێڕی و دارایی و تەکنیکی و یاساییەکان لەنێوان حکومەتە خۆجێیەکان و دامەزراوە ناوەندییەکان لە هەرێمی کوردستان .

### مادەی دووەم /

ئامانجەکانی ئەم پەیڕەوە بریتین لەمانەی خوارەوە :

١- چەسپاندنی لامەرکەزییەتی ئیداریی پارێزگاکان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتی.
٢- نەهێشتنی ڕۆتین و خێرا ڕاپەڕاندنی کاری هاوڵاتییان .
٣- زامنکردنی دابەزاندن و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتە کارگێڕی و دارایی وتەکنیکی و یاساییەکان لە وەزارەت و دەستە و دەزگا و ئەنجومەنە ناوەندییەکان بۆ فەرمانگەکان و سنوری پارێزگاکان و یەکە کارگێڕییەکان .
٤- زامنکردنی دابەشکردنی داهاتە گشتییەکان لەهەرێم لەنێوان پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەسەر بنەمای دادپەروەری و شایستەبوون .

### مادەی سێیەم /

١- دابەشکردن و دابەزاندنی ئەو دەسەڵاتە کارگێڕی و دارایی و تەکنیکی و یاساییانەی لەخشتەی هاوپێچی ئەم پەیرەوە هاتوون بە پارێزگار کە لانی کەم دەسەڵاتەکانە و دەکرێت دەسەڵاتی زیاتر لەوانەش دابەزێندرێت .
٢- پێویستە لەسەر پارێزگار بەشێک لەدەسەڵاتەکانی هاتوو لەبڕگەی ( ١ )ی سەرەوە دابەزێنێت بۆ سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان.
٣- خشتەی هاوپێچکراوی ئەم پەیڕەوە هەمان هێزی پابەندکاری پەیڕەوەکەی هەیە.

**مادەی چوارەم /**

**یەکەم : داهاتەکان**

تۆمارکردنی سەرجەم داهاتی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەجیا لە ئەژمارێکی بانکی تایبەت بە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ کە لەم سەرچاوانەی خوارەوە بەدەستدێت:

١- داهاتە نانەوتی و گازییەکان .
- أ- باجەکان .
- ب- گومرکەکان .
- ت- رسومات .
- ث- داهاتە جۆربەجۆرەکانی خزمەتگوزاری دەروازە سنوورییەکان .
- ج- داهاتی بەکرێدان و موساتەحە و فرۆشتن و ڕەفتارکردن بە موڵک وماڵی گشتی گواستراوە و نەگواستراوە .
- ح- سزا داراییەکان ( غرامات )

٢- بەخشین و هاوکاریی و پیتاکی بەخشراو .

٣- بەشە بودجەی پارێزگا لە بودجەی گشتی ساڵانەی عێراقی فیدڕاڵ .

**دووەم /**

هەموو قۆناغەکان و چالاکییەکانی پەیوەست بە پرۆسەکانی نەوت و گاز و سامانە سروشتییەکان بە هەماهەنگی دەبێت لەگەڵ پارێزگا، بۆ ئەو مەبەستەش پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ ئامادەی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباەی نەوت و گاز دەبێت لەکاتی گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو قۆناغ و چالاکییەی دەکەوێتە سنوری جوگرافیاکەی و بەپێی تایبەتمەندیتی بۆ زامنکردنی بەشداری لەبڕیاردان و دابینکردنی ماف و شایستە داراییەکانی و پاراستنی بەرژەوەندی دانیشتوانەکەی .

**مادەی پێنجەم /**

خەرجیەکان

لەدوای داشکاندنی بڕێک لەداهاتی ناوخۆی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان کەبەدەستدەهێنرێن لە سەرچاوەکانی هاتوو لەمادەی ( چوارەم )ی ئەم پەیڕەوە، بۆ مەبەستی بەشداری لەخەرجییەکانی بەکاربردنی دامودەزگا ناوەندییەکانی سەر ئاستی

هەرێم و تەواوکاریی تەرخانکراوی سەرباری بۆ مووچە و خەرجییەکانی کارەبا بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ و بەپێی ڕێککەوتن، ئەوا پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ دەسەڵاتی خەرجکردنی ئەمانەی لای خوارەوەی دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییە داراییەکان دوای دارشتنەوەی ئەو ڕێنماییە داراییانەی بەجۆرێک لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم پەیڕەوە بگونجێت :

١- خەرجکردنی بودجەی بەکاربردنی پەسەندکراوە ( جگە لەمووچە ) لەسنوری پارێزگا .
٢- خەرجکردنی بوودجەی وەبەرهێنان بە پەسەندێتی ئەنجومەنی پارێزگا .

**مادەی شەشەم /**

١- بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە ئەنجومەنێک پێکدێت بەناوی ( ئەنجومەنی هەماهەنگی لەگەڵا حکومەتە خۆجێتییەکان ) بەسەرۆکایەتی ( سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ) و جێگرایەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، و ئەندامێتی هەریەک لە ( وەزیری دارایی و ئابووری ، وەزیری سامانەسروشتییەکان ، وەزیری ناوخۆ ، وەزیری پلاندانان ، سەرۆکی دیوان ، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران ، پارێزگارەکان و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان ) کە دواتر بە پەیڕەوێکی ناوخۆیی وردەکاری ئەم ئەنجومەنە ڕێکدەخرێت .
٢- ئەم ئەنجومەنە کاردەکات بۆ :
أ- چۆنیەتی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان.
ب- چاودێری جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکان لە پارێزگاکاندا .

**مادەی حەوتەم /**

لەکاتی دروستبوونی هەر دۆخێکی نەخوازراو کە ببێتە هۆی ئەوەی بودجەی ساڵانە پەسەند نەکرێت لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەوا ئەو پارێزگایە پڕۆژە بودجەکەیان بەرکار دەبێت .

**مادەی هەشتەم /**

پارێزگار دەسەڵاتی دەرکردنی ڕێنمایی هەیە دوای پەسەندکردنی لە ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکان .

**مادەی نۆیەم /**

لەکاتی دەرکردنی هەر پەیڕەو و بڕیارێک لە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەبێت لەسەر بڕگە و مادەکانی ئەم پەیڕەوە، دەبێت ڕەزامەندی پارێزگاکە وەربگرێت .

**مادەی دەیەم /**

کار بەهیچ پەیڕەو و بڕیار و ڕێنماییەک ناکرێ بە پێچەوانەی بڕگە و مادەکانی ئەم پەیڕەوە بێت .

**مادەی یانزەیەم /**

ئەم پەیڕەوە جێبەجێ دەکرێت لەڕۆژی پەسەندکردنییەوە .

# پێشنیازی دەسەڵات بۆ پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان

١- پێدانی دەسەڵاتی دەرکردنی ڕێنمایی لەلایەن پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارەکان بەمەبەستی زیادکردن و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە .
٢- جێبەجێکردنی پڕۆژە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە بودجەی ئاسایی + وەبەرهێنان + پەرەپێدان بەپێی ڕێنماییەکان و بە پەسەندێتی ئەنجومەنی پارێزگا .
٣- پێکهێنانی لیژنەی گۆڕانکاری و پەسەندکردن و ئەنجامدانی گۆڕانکاری بڕگەکان بەپێی مەرجە گشتییەکانی کاری بەڵێندەرایەتی و ڕێنماییەکانی تایبەت بە پڕۆژەکانی پەرەپێدان تا ڕێژەی ( ١٥٪ ) بەپەسەندێتی ئەنجومەنی پارێزگا .
٤- پێدانی دەسەڵات بۆ گواستنەوە لەتەرخانکراوەکانی بودجەی ئاسایی و وەبەرهێنان و وەفر و پڕۆژەکانی گەشەپێدانی هەرێمایەتی لەسنوری یەکە کارگێڕیەکان بەپەسەندێتی ئەنجومەنی پارێزگا .
٥- پێدانی ماوەی زیادە بۆ پڕۆژەکان بەپێی پێویستی .
٦- دەسەڵاتی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، پاڵپشت بە بڕگەی ( حەوتەم ) لەمادەی ( ١٩ )ی یاسای ژمارە ( ٣ )ی پارێزگاکان .
٧- ڕێکخستنەوەی میلاکی فەرمانبەران لەنێوان فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندی و جۆری ئەرکەکانیان، هەروەها دەرچواندنی فەرمانی دامەزراندنی فەرمانبەران و تەنسیبکردنیان لەسەر ئاستی پارێزگا لەپلەی حەوتەم بەرەوخوار لە پەیژەی پلەکانی فەرمانبەرێتی و چەسپاندنی فەرمانی دامەزراندن پاڵپشت بە خاڵەکانی بڕگەی ( شەشەم ) لەمادەی ( ١٩ )ی یاسای ژمارە ( ٣ )ی پارێزگاکان و هەروەها پێدانی دەسەڵاتی دامەزراندن بەپێی پێویستی .
٨- خەرجکردنی هاندان بۆ ئەوانەی کاردەکەن و بەشدارن لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەر تەرخانکراوی ڕێژەی بەدواداچوون و سەرپەریشتیکردن .
٩- کڕینی کەل و پەل و موجودات تا بڕی ( ٥،٠٠٠،٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار .
١٠- بەکرێگرتنی ئۆتۆمبیل ( شۆفڵ ، گرێدەر ، گەلابە ) لەکاتی پێویست و هەروەها بەکرێگرتنی ئۆتۆمبێل بۆ سەر پڕۆژەکان لەسەر تەرخانکراوی ڕێژەی بەدواداچوون بەمەبەستی سەرپەرشتیکردن .

١١- پێدانی دەسەلاتی ( فرۆشتن + بەکرێدان )ی موڵک و ماڵی دەوڵەت بەپێی یاسای ژمارە ( ٣٢ )ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو .
١٢- خەرجکردنی کرێی ماندوبوونی پارێزەران بەپێی بڕیاری دادگا .
١٣- ئیفادکردنی جێگرانی پارێزگار و جێگرانی سەرپەرشتیاری ئیدارە سەرببەخۆکان و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان .
١٤- بەکرێگرتنی خانوو بۆ بەرژەوەندی گشتی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کەپلەی تایبەت و بەڕێوەبەری فەرمانگەن لەکاتی نەبوونی موڵکی گشتی و بەپێی پێویست .
١٥- خەرجکردن و نوێکردنەوەی گشت دەرماڵە جێگیر و ناجێگیرەکان بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی میلاک لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان .
١٦- پێدانی سوپاس و پێزانین بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی میلاک لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان .
١٧- خانەنشینکردنی فەرمانبەران لەگشت پلەکان ( جگە لە پلە تایبەتەکان و بەڕێوەبەری گشتی و قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە ) پاش گەیستنی بە تەمەنی یاسایی خانەنشینی و هەروەها خانەنشینکردنی ئەو فەرمنابەرانەی کەپێش تەواوبوونی تەمەنی یاسایی وەزیفییان داوای خانەنشین بوون دەکەن .
١٨- دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەتی بێ مووچەی فەرمانبەران بۆ ماوەی ( ٥ ) ساڵ و بەمووچەی تەواوەوە بۆ ماوەی ( ٣ ) مانگ .

# پێشنیازی دەسەڵات بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس

١- پێدانی دەسەڵاتی مۆڵەتی ئاسایی و پزیشکی و دایکایەتی بۆ ئەفسەر و پۆلیس و کارمەندان بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە پلەی عەقید بەرەو خوارەوە .

٢- پێدانی دەسەڵاتی خەرجکردنی دەرماڵە و سەرە مووچەی ئەفسەران و پارەی کۆکراوە لەپلەی عەمید بەرەو خوار .

٣- دەسەڵاتی گواستنەوە و ئیستخدامی پۆلیس لەسنوری دەسەڵاتی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتییەکاندا .

٤- پیدانی دەسەڵاتی نووسینەوەی پەیوەندی پۆلیس لەدوای ماوەی فیراربوون ( هەڵهاتن).

٥- پێدانی دەسەڵاتی مۆڵەتی بێ مووچە و ڕەزامەندی لەسەر مۆڵەتی کۆکراوە و دەسەڵاتی ئیفادکردن .

٦- پێدانی دەسەڵاتی پلە بەرزکردنەوە تا پلەی مفەوەزی دەرەجە یەک .

٧- پێدانی دەسەڵاتی دروستکردنی ناسنامە .

٨- پێدانی دەسەڵاتی ڕێکخستنەوەی پەیکەری کارگێڕی و کردنەوەی بەشی نوێ بەپێی پێوست .

٩- پێدانی دەسەڵاتی دیاریکردن و ڕێکخستنەوەی میلاک و پڕکردنەوەی شاغیر .

١٠- پێدانی دەسەڵاتی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ناخۆیی و بیانییەکان بەمەبەستی کردنەوەی خولی گەشەپێدان .

١١- پێدانی دەسەڵاتی ڕەوانەکردنی تۆمەتبار و تاوانبار بۆ ئەو شوێنانەی بەفەرمی داواکراوە .

١٢- پێدانی دەسەڵاتی گشتاندنی فەرمانی دەستگیرکردنی تۆمەتباران بۆ دەروازە و خاڵە سنورییەکان .

١٣- پێدانی دەسەڵاتی پەیوەندی لەگەڵ پۆلیسی ئەنتەربوڵ .

١٤- پێدانی دەسەڵاتی کڕینی چەک و تەقەمەنی و بەکارهێنانەوەی چەکی دەستبەسەردا گیراو بەگوێرەی فەرمانی دادگا .

١٥- پێدانی دەسەڵاتی تەلەفکردن بۆ ئۆتۆمبێل و کەل و پەل .

١٦- پێدانی دەسەڵاتی کڕینی ئۆتۆمبێل و سوتەمەنی و جل وبەرگ و کەلو پەل و پێداویستی دیکە .

١٧- پێدانی دەسەڵاتی پەسەندکردنی ئەنجامی بڕیاری ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە .

١٨- لەکاتی دروستکردنی هەر لیژنەیەک لە وەزارەت کە پەیوەندی بە پۆلیسی پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکانەوە هەبێت نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پەیوەندیداری تێدابێت .

١٩- پێدانی دەسەڵاتی پەسەندکردنی جێبەجێکردنی ڕێنمایی و مەرجەکانی بەرگری شارستانی لەکاتی دروستکردنی باڵەخانەی نوێی نشتەجێبوون و بازرگانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان .

٢٠- پێدانی دەسەڵاتی دەرکردنی ڕێنمایی وپەسەندکردنی مۆڵەتی کردنوەی نوسینگەکانی شۆفێری و مۆڵەتی پرۆژە پەیوەندیدارەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پەیوەندیداری پارێزگا و ئیدارە سەبەخۆکان .

## پێشنیازی دەسەڵات بۆ سێکتەرە جیاواز و خزمەتگوزارییەکان

١- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ بەکرێدانی ڕاستەوخۆ بەپێی خەملاندن بەپێی یاسای ژمارە ( ٣٢ )ی ساڵی ١٩٨٦ بەزیادکردنی ئاشکرا بۆ ڕووبەرێکی دیاریکراوی گونجاو بۆ هەندێک پرۆژەی بچووک و سادە کە لەلایەن هاوڵاتیانەوە داواکاری لەسەرە لەناو پارک و باخچە و شۆستەی شەقامەکان بەشێوازی کۆشک یا دامەزراوەیەک بێت یان بۆ ئەو پرۆژانەی کەبچووکن یان بیرۆکەی نوێ و نایابن بەمەرجی پاراستنی ماف و ئەولەویەتی خاوەن بیرۆکەکە، کەهیچ ڕێگرییەک و ئەرکێکی دارایی و یاسایی بۆ شارەوەنییەکان دروست ناکات نە لەئێستا و نە داهاتوو، ئەمەش هیچ جۆرە زەوییەکی نیزامی پرۆژەکانی بەکرێدان و موساتەحە و وەبەرهێنان ناگرێتەوە .

٢- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ بەکرێدانی ( پارچە زەوی بەڕووبەری ئەندازەیی دیاریکراوی گونجاو ) لە پارکەکانی ناو سنوری ماستەرپلانی شارەکان و باخچەکان و ئەو شوێنانەی ژمارەی ئیفرازکراوی نییە و لەو سێکتەرانەی ناو ماستەرپلانی شارەکان سنوری بۆ دیاریکراوە بەپێی نەخشەی پەسەندکراوی ماستەرپلانی شوێنەکە بەشێوازی ( بەکرێدانی درێژخایەن ) موساتەحە و وەبەرهێنان .

٣- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ دانوستاندن بۆ هەندێک کاری بازرگانی بەشێوازی ( مساهمە ) هاوبەش لەگەڵ سەرمایەدار و کۆمپانیا و هاووڵاتییان بۆ نۆژەندکردنەوە و برەودان بەو موڵک وماڵانەی شارەوانی کە پێگەی ستراتیژی و نایابیان هەیە بەمەبەستی زیادکردنی داهات و هەلی کار و جوان کردنی سیمای شار .

٤- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ ئەنجامدانی گرێبەست بۆ ئەو یاساناسانەی کە شارەزاییان هەبێت لەبواری کاروباری کێشەکانی شارەوانی .

٥- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ خەرجکردنی پارەی ئیستیملاک یان جیاوازی نرخی زەوی خەمڵێنراو هەروەها دەسەڵاتی تەقسیتکردنی پارەی جیاوازی نرخی خەمڵێنراو لەدادگا بەپێی یاسای ژمارە ( ١٢ )ی ساڵی ١٩٨١ .

٦- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ ئیفرازکردن و گۆڕینی ڕەگەزی زەوی ( جگە لەسەوزایی ) بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی و بە پەسەندێتی ئەنجومەنی پارێزگا .
٧- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ زیادکردنی ڕێژەی خەرجکردنی داهاتی غرامات بەمەبەستی پاداشتکردن و خواردنی ڕۆژانەی چاودێرانی زیادە ڕەوی .
٨- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنی داواکار بە شێوازی ( موساتەحە، وەبەرهێنان ) بەمەبەستی جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژی و پێویست و نوێ .
٩- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ ڕەزامەندی لەسەر جێبەجێکردن و خەرجکردنی تێچووی پڕۆژەکان لەسەر بودجەی ( داهات و فرۆشتنی زەوی ) .
١٠- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە لەجیاتی دانای فەرمانبەرانی گرێبەستە کاتییەکان بە جێگرەوەکانیان لە چوارچێوەی ئەو ژمارەیەی کە ساڵانە ڕەزامەندی بۆ دەردەبڕێت بەهەماهەنگی ئەنجومەنی پارێزگا .
١١- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە پێدانی مۆڵەتی بێ مووچەی فەرمانبەران بۆ ماوەی ( ٥ ) ساڵ .
١٢- دەسەڵاتی مۆڵەت بە مووچەی تەواو بۆ ماوەی ( ٣ ) مانگ .
١٣- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ گۆڕینی ناونیشانی شۆفێری کاتی لە ئامێرێکەوە بۆ ئامێرێکی تر .
١٤- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم شارەوانییەکانی سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ گۆڕینی ناونیشان و پسپۆری گرێبەستە کاتییەکان و پێدانی مافی مۆڵەتی ئاسایی و نەخۆشی و پێش و دوای منداڵبوون و بێ مووچە .

## پێشنیازی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی

## پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان

١- پێدانی دەسەڵاتی مۆڵەتی بێ مووچەی فەرمانبەران بۆ ماوەی ( ٥ ) ساڵ، ڕەزامەندی لەسەر پچڕانی مۆڵەتی بێ مووچە و دەستبەکاربوونەوەی .

٢- دەسەڵاتی مۆڵەت بە مووچەی تەواوەوە بۆ ماوەی ( ٣ ) مانگ .

٣- دەسەڵاتی مۆڵەتی بەخێوکەر بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی .

٤- خانەنشینکردنی فەرمانبەران لەگشت پلەکان پاش گەیشتنی بەتەمەنی یاسایی خانەنشینی و هەروەها خانەنشینکردنی ئەو فەرمانبەرانەی کۆچی دوایی دەکەن پێش وادەی یاسایی خانەنشینبوون و ترقین قیدکردنی فەرمانبەرانی کۆچکردوو ...، هەروەها خانەنشینکردنی ئەو فەرمانبەرانەی کەپێش تەواوبوونی تەمەنی یاسایی وەزیفییان داوای خانەنشیین بوون دەکەن .

٥- دەسەڵاتی گواستنەوە وتەنسیبکردنی فەرمانبەران و دەسەڵاتی ڕێکخستنەوەی میلاک لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار .

٦- دامەزراندنی کارمەند بەشێوەی گرێبەستی کاتی تا ماوەی پێویست .

٧- دەسەڵاتی شاندکردنی فەرمانبەران بۆ دەرەوەی وڵات لەکاتی پێویست .

٨- دەسەڵاتی پێدانی وەکالەتنامەی تایبەت و گشتی بە فەرمانبەرانی یاسایی .

٩- پێشنیاز بۆ گۆڕینی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان بەڕەزامەندی پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارەکان .

١٠- دەسەڵاتی ئەنجامدانی گرێبەستی پرۆژەکان تابڕی ( ٢ ) دوو ملیار دینار بۆ هەر پرۆژەیەک و دەسەڵاتی پێوانەی کۆتایی ئەو پرۆژانە تا هەمان بڕ .

١١- دەسەڵاتی بەکریدان و بەشبەشکردن ( تقسیت ) کردنی کرێی ساڵانە .

١٢- دەسەڵاتی فرۆشتنی مەوادی لەکارکەوتوو و خەمڵاندنیان بەپێی دیاریکردنی بڕی پارەی مەوادەکان .

١٣- دەسەڵاتی گۆڕانکاری لە پرۆژەدا بەڕێژەی ( ١٥٪ )ی بودجەی بنەڕەتی گرێبەستی پرۆژەکە .

١٤- دەسەڵاتی پێدانی ماوەی زێدەگی بە پرۆژەکان بەپێی پێویست .

١٥- دەسەڵاتی پێکهێنان و ڕەزامەندی لەسەر ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوە .

١٦- پێدانی هاندان و سوپاس و پێزانین .

١٧- دەسەڵات بدرێتە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ پەسەندکردنی لیژنەکانی خەمڵاندن و فرۆشتن، بۆ هەربڕێک بێت لەدەسەڵاتی خۆیاندا بێت .
١٨- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە مەبەستی فەرمانی ئیفادکردنی خۆیان .
١٩- پێدانی دەسەڵات بە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ عەلاوە و تەرفیع -ی فەرمانبەران بەپێی بوونی ڕێنماییەکان .
٢٠- پێدانی دەسەڵات بە سەجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ ئاڕاستەکردنی نووسراو بۆ وەزارەتەکان و وێنەیەک بدات بە وەزارەت یان دەستەکەی خۆی .
٢١- پێدانی دەسەڵات بەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە پاداشتکردنی فەرمانبەران و ئەوانەی فەرمانبەرنین ( غير عاملين ) تابڕی ( ٣٠٠،٠٠ ) سێ سەد هەزار دینار بەرامبەر کارێکی ناوازە و خزمەت بێت بە بەرژەوەندی گشتی بە مەرجێک دووبارە نەبێتەوە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان .
٢٢- دەسەڵات بدرێت بە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ پەسەندکردنی دەستلەکارکێشانەوە و ڕاگرتنی خەرجکردنی مووچە و پێدانی پشتگیری لەئاستی پارێزگادا .
٢٣- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ پەسەندکردنی نرخی هاندراوی زەوی .
٢٤- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ پەسەندکردنی ماوە و کرێی مساتەحە .
٢٥- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ فراوانکردنی پرۆژە و بەچالاکی + سەرمایە + زەوی + زیادکردنی هێڵی بەرهەمهێنان .
٢٦- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ گۆڕانکاری پرۆژە لە هەمان سێکتەر بەمەرجێک لەتواناو نیشاندەرە ئابووریەکانی کەم نەکاتەوە .
٢٧- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە پەسەندکردنی سەرەتایی بۆ پرۆژەی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری و سەرجەم کەرتەکان .

٢٨- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ واژۆکردنی گرێبەستی ڕاوێژکاری .
٢٩- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەڕەزامەندی درێژکردنەوەی ماوەی پرۆژەکان بەپاساوی یاسایی و هونەری .
٣٠- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە پەسەندکردنی تەنازولکردن لەسەرجەم یان بەشێکی پرۆژە بۆ کەسێکی تر بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان .
٣١- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە پەسەندکردنی ڕەهنی موڵک لەبڕی ختاب زەمان یان هەڵوەشاندنەوەی ختاب زەمان لەپاش بوونی سەرجەم مەرج و ڕێکارە یاساییەکان .
٣٢- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ دانان و لابردنی هێمای مامەڵەنەکردن لەسەر زەوی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەپێی یاسا و ڕێنمایی .
٣٣- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە نوێنەرایەتیکردنت بەڕێوەبەری گشتیی لەبەردەم دادگا و وەزارەت و فەرمانگەکان و کردنەوەی بریکارنامە لەبەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەمەبەستی داخڵبوون لەداوا یاساییەکان وەک داواکار یان داوا لەسەرکراو یان لایەنی سێیەم .
٣٤- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ کردنەوەی بریکارنامە بۆ پارێزەران لەو داوایانەی کەدەسەڵاتی فەرمانبەری یاسایی نیە .
٣٥- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و پاکتاوکردنی پێشینەی کۆتایی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەر تەرخانکراوی پشتیوانکراو لە خەرجیەکانی پرۆژەکان بەپێی برگەکانی گرێبەست و ڕێنماییەداراییەکان .
٣٦- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ بانگەوازی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان و کردنەوە و شیکردنەوەی تەندەر و ئیحالەکردنی بەپێی ڕێنماییەکانی و جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان .
٣٧- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە خەرجکردنی پێشینە بۆ کۆمپانیا و بەڵێندەرەکان بەپێی بڕگەکانی

گرێبەست بەڕەچاوکردنی مەرجە گشتییە کارپێکراوەکان و ڕێنمایی جێبەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان .

٣٨- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەخەرجکردنی قەرەبووی هاووڵاتییان لەسەر بودجەی ئاسایی .

٣٩- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بە پێدانی دەسەڵات بۆ واژۆکردنی گرێبەست لەسەر بودجەی ئاسایی + وەبەرهێنان .

٤٠- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەپێدانی دەسەڵاتی گرێبەستکردنی زەوی کشتوکاڵی و هەڵوەشاندنەوەی لەگەڵ جوتیار و هاووڵاتییاندا .

٤١- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ گرێبەستکردنی زەوی بەردەڵان بەپێی بڕیاری ( ٣٩٥ )ی ساڵی ١٩٨٣ ( بناری چیاکان ) بۆ باخ و ڕەز و میوەی دێمەکار کە چەند ساڵێکە بێ هیچ پاساوێکی یاسایی ڕاگیراوە کەبۆتە هۆی دیاردەی زیادەڕۆیی هەروەها دەسەڵاتی گواستنەوەی گرێبەستەکە بۆ کەسێکی تر یاخود هەڵوەشاندنەوەی .

٤٢- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ تەرخانکردن و دەستهەڵگرتن لەزەوی میری وەک زەوی بەردەڵان و لەوەڕگا و زەوی کشتوکاڵی بۆ بەرژەوەندی پڕۆژەی هاووڵاتییان و دامودەزگاکانی حکومەت .

٤٣- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ تەرخانکردن و گرێبەستکردنی زەوی بۆ پڕۆژەکانی پەلەوەر و ماسی و ئاژەڵداری کە لەلایەن هاووڵاتییانەوە ئەنجام دەدرێت .

٤٤- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ گواستنەوە و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دابەشکردنی زەوی کە دراوە بە جوتیاران .

٤٥- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ مۆڵەتی پڕۆژەکانی پەلەوەری و گاوداری و حەوزی ماسی و جوجک هەڵهێنەر و کارگەی ئالیک هەروەها نوێکردنەوە و گواستنەوە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکان یاخود گۆڕینیان بۆ پڕۆژەیەکی تر .

٤٦- پێدانی دەسەڵات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ ڕێگەپێدان بە هاووڵاتییان و جوتیاران بۆ هاوردەکردنی ئاژەڵی زیندوو و پەلەوەر و گۆشتی سور و گۆشتی مریشکی بەستوو و هێلکەی خواردن و شیر و ماسی فرێش و زیندوو بەستو و پەین و ئالیک و پێکهاتەکانی بەهەموو جۆرەکانییەوە، هەروەها

دەسەڵاتی ڕێگەپێدان بۆ هاوردەکردنی کەرەستە وپێداویستی کشتوکاڵی، بە لەبەر چاوگرتنی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان .

٤٧- دەسەڵات بدرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ نۆژەنکردنەوەی بینای خوێندگاکان تابڕی ( ٢٥٠٠٠٠٠٠٠ ) دووسەد و پەنجا ملیۆن دینار .

٤٨- دەسەڵات بدرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان خەرجکردن و کۆکردنەوەی داهاتی فرۆشگای خوێندگاکان .

٤٩- دەسەڵات بدرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ کڕینی کەل و پەل وپێوستی خوێندگاکان لەگەڵ دیاریکردنی بڕی پارەکە .

٥٠- دەسەڵات بدرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لەسەر بودجەی مەڵبەندەکانی کێش ( قەپانەکان ) .

# پێشنیازی دەسەڵات بۆ بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزار

١- بانگەوازی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان و کردنەوە و شیکردنەوەی تەندەر و ئیحالە کردن و گرێبەست کردن بۆ ئەو پرۆژانە بڕەکانیان دەگاتە (٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیار دینار وە خەرج کردنی پێشینەی پێشەکی و پێشینەی کاری ئەنجامدراو و پێشینەی کۆتای بۆ پرۆژەکانی بودجەی ئاسایی و بودجەی سەرمایەداری تاکو بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیار دینار بە پێیی ڕێنماییە داراییەکان و بڕگەکانی گرێبەست و یاسای بەڵێندەرایەتی .

٢- جێبەجێ کردنی پرۆژە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە بودجە ئاسایی و وەبەر هێنان و وە بودجەی تایبەت بە (١٥٪) داهاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان تاکو بڕی (٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار بە پێی ڕێنمایی جێبەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان .

٣- چاککردنی ئۆتومبێل و ئامێرەکان بە پێی دەرخستە تاکو بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێک .

٤- پێدانی دەسەڵاتی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت بەپێی یاسایی ژمارە (٣٢) ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو .

٥- لە ناوبردنی (أتلاف) ماڵی گواستراوە ، بەپێی ڕێنماییەکان تاکە بڕی ئەو خەمڵاندنانەی بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار .

٦- پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بە فەرمانبەران بۆ ماوەی (یەک مانگ تا پێنج ساڵ) بە پێی ڕێنماییەکان هەروەها پچڕاندنی ئەو مۆڵەتە .

٧- کۆتایی هێنان بە ڕاژە (فصل)ی فەرمانبەران لە کاتی تەواو بونی ماوەی یاسایی مۆڵەتی فەرمانبەران دوای ئاگادار کردنەوەیان بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان .

٨- خانەنشین کردنی ئەو فەرمانبەرانەی تەمەنی یاساییان تەواو نەکردوە و خزمەتی (١٥) پانزە ساڵیان هەیە لەسەر داوای خۆیان بە بێ ڕەچاوکردنی مەرجی تەمەن .

٩- دەست لە کار کێشانەوە (استقالە)ی فەرمانبەران لەسەر داوای خۆیان .

١٠- دەست لە کار کێشان (سحب الید)ی فەرمانبەران لە کاتی لێکۆڵینەوە یان دەستگیر کردنی و هەبوونی کێشەی دادگا بە پێی یاسا کارپێکراوەکان .

١١- سەپاندنی سزا بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی کەمتەرخەمی دەنوێن لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرک و کارەکانیان بە پێی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەران ژمارە(١٤) ساڵی ١٩٩١ بە هەموو سزاکانیەوە و بۆ گشت پلەکان .

١٢- پێدانی دەسەڵاتی تنسیب کردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیەکی ترەوە و لە دەرەوەی میلاکی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان و بە پێچەوانەوە بە پێی پێویست و ڕەزامەندی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی و لە کاتی پێویست بە بێ گەڕانەوە بۆ هەردوو وەزارەتی پەیوەندیدار .

١٣- بینینی گشت ئەو داوا (دعوا) یانەی کە تۆمار دەکرێت لەسەر فەرمانگەکەمان و وە فەرمانگەکەمان تۆماری دەکات .

١٤- واژۆکردنی گرێبەستی بە کرێدان و بانەوانی (مساطحە) بۆ ئەو موڵکانەی کە بە پێی یاسا ژمارە (٣٢)ی سالی ١٩٨٦ ئەنجام دەدرێن، وە پەسەندکردنی دەست هەڵگرتن(تنازل) لەلایەن بە کرێگرتە، پە پێی مەرجە یاساییەکان .

١٥- پێدانی مۆڵەتی گەشتیاری بە سەرجەم شوێنە گەشتیاییەکان و نوسینگە و کۆمپانیاکان و بریکارەکان .

## پێشنیازی دەسەڵات بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی
## ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی

١- کرێی هۆڵەکان و کەشف و ڕسوماتی مۆڵەتە پیشەییەکان کەم بکرینەوە، بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بتوانن ئەو کرێیانە بدەن، بۆ نمونە ( ئیستا هۆڵەکان بەهۆی زۆری کرێکانییەوە کەمترین چالاکیان تێدا ئەنجام دەدرێت )، هەروەها بەهۆی زۆریی ڕسوماتەوە زۆر جار هاوڵاتییانی پیشەگەر ناتوانن مۆڵەت دەربهێنن یان تازەی بکەنەوە، ئەو کاتەش کە قەرزار دەبن ئەگەر قەرزەکانیان بۆ بکرێت بە قیست باشترە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن .

٢- داهاتی هۆڵەکان و مۆڵەتە پیشەییەکان و ڕسوماتی بەڵێننامەکان و پەسەندکردنی گرێبەستەکان و پارەی غەرامەی دواکەوتنی کاری پرۆژەکان و پارەی بڕیارەکانی دادگا دوای جێبەجێ کردنی کە لەبەرژەوەندی بەڕێوەبەرایەتیمانە، هەروەها پارەی فرۆشتنی کەل و پەل و سەیارەی لەکار کەوتوو، سەرجەمیان لە ژمارە حسابییەکدا کۆبکرێتەوە و مانگانە بەپێی پێداویستی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتییمان و بەشەکانی خەرج بکرێت .

٣- ڕێگە بەبەشەکانمان بدرێت، بۆ نمونە بەشی شانۆ، بەشی کەلەپوور و تیپی هونەری میللی، کە لەکاتی چالاکییەکانیاندا بلیت بفرۆشن و پارەی بلیتەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتییمان و بەشەکانی خەرج بکرێت .

٤- پێشنیاز دەکەین ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتە پیشەییەکان لەلایەن کەسانی شارەزاوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و باشتر ڕێکبخرێت، هەروەها پێمان باشە هەموو مۆڵەتە پیشەییەکان یەک بخرێن و لەیەک بەڕێوەبەرایەتی بەهاوڵاتییان بدرێن، بێگومان بەڕێنمایی وەزارەتی پەیوەندیدار، بۆنمونە ڕۆشنبیری و تەندروستی .

# پێشنیازی دەسەڵات بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی

١- دەسەڵاتی گۆڕین و دانانی پۆستەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی وەک یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی ( مەبەست لەجێگری بەڕێوەبەری گشتی نیە ) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکان و سەنتەر و مەڵبەند و بەشەکانی ناو دیوان .
٢- پێدانی مۆڵەتی ئاسایی بۆ گشت پلەکان بە مووچەی تەواو بۆ ماوەی (٩٠) ڕۆژ لەناوەوەو دەرەوەی وڵات .
٣- دەسەڵاتی تەنسیبکردنی پزیشک و فەرمانبەران بۆ ماوەی ( ٢ ) ساڵ .
٤- شاندکردنی کارمەندان و پزیشکان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئیشوکاری فەرمی.
٥- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی و نەخۆشخانە و سەنتەر و بنکەی تەندروستی و بەش و هۆبە .
٦- پێدانی ماوەی زیادە بۆ پرۆژەکان بەپێی برگەی گرێبەست، وە هەبوونی یاسای گونجاو یاسایی بۆ پرۆژەکان ماوەی ساڵێک یان زیاتر .
٧- پێدانی مۆڵەتی خوێندن بۆ خوێندنی بۆرد، ماستەر و دبلۆم بەپێی پێویستی بەڕێوەبەرایەتی .
٨- درێژکردنەوەی مۆڵەتی خوێندن بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان .
٩- دەسەڵاتی گۆڕینی ناونیشانی پیشەیی .
١٠- لەکاربردن و لەجیاتیدانان بۆ کارمەندانی گرێبەست وەلەجیاتیدانان بۆ ئەو کارمەندانەی دەست لەگرێبەست هەڵدەگرن .
١١- درێژکردنەوەی خزمەت کە لەدوو ساڵ زیاتر نەبێت .
١٢- کۆتایی هێنان بەڕاژەی فەرمانبەران بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان .
١٣- ئاڕاستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو بابەتانەی کە لەدەسەڵاتی وەزارەتی تەندروستی و داراییدا نیە .
١٤- گواستنەوە و تەنسیب کردنی پزیشکان و فەرمانبەران بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی تری تەندروستی .
١٥- پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ فەرمانبەران بە ماوەی ( ٥ ) ساڵ .
١٦- پێدانی نوسراوی پشتگیری بۆ کونسوڵخانەکان .

١٧- موڵەتی کردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەر و کۆمەڵگەی پزیشکی کەرتی تایبەت .
١٨- پێدانی مۆڵەتی پرۆژەی وەبەرهێنان لەکەرتی تەندروستی .
١٩- بڕیاری تەندەرین و گرێبەست بۆ هەموو ئەو خزمەت گوزاریانەی کە لەتەرخانکراوی تایبەت بەو خزمەتگوزاریە تێپەڕ نەکات .
٢٠- بڕیاری تەندەرین و گرێبەست بۆ هەر خزمەتگوزاریەکی تەندروستی کە تەرخانکراوی نەبێت پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی .
٢١- درێژکردنەوەی گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری نەخۆشخانە و کڕینی دەرمان پێداویستی پزیشکی و تاقیگە بۆ ماوەی یەک ساڵ .
٢٢- دەسەڵاتی بەکرێدانی فڕحشگاکانی بەڕێوەبەرایەتی و درێژکردنەوەی کرێدان و بۆ ماوەی ( ٦ ) مانگ.
٢٣- زیادکردن و کەمکردنی نرخی خزمەتگوزاری تەندروستی لەکەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بەپێی بەرژەوەندی گشتی .
٢٤- پێدان و لێسەندنەوەی مۆڵەتی کۆمپانیاکانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی .
٢٥- دەسەڵاتی کردنەوەی کوالیتی کۆنترۆڵ و فراوانکردنی کارەکان .
٢٦- مۆڵەتی هێنانی هەموو جۆرە خۆراکێک ، خواردنەوەی وزەبەخش و خواردنەوە کحولیەکان شیری منداڵان و مادەی سەرەتایی .
٢٧- دەسەڵاتی خەرجکردنی ( ١٠٠،٠٠٠،٠٠٠ ) سەد ملیۆن دینار بۆ هەر پێویستیەک لەبەرژەوەندی گشتیدا بێت .
٢٨- دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی پرۆژە بەشێوەی پایلۆت و بۆ گۆڕینی سیستمی تەندروستی .
٢٩- ئەندامدانی پرۆژەی (  ) لەبەرژەوەندی سیستمی تەندروستیدا .
٣٠- فرۆشتنی ئەو موڵک و ئامێرانەی کە پێویست نین بەکارهێنانی داهاتەکەیان بۆ دروستکردنی پرۆژەی نوێ بەشێوەی لیژنەی هاوبەشی پارێزگا و داواکاری گشتی و نوێنەری دارایی و هەر لایەنێک پێویست و تایبەتمەندبێت .

# پێشنیازی دەسەڵات بۆ بەڕێوەبەری گشتی کارەبا

**یەکەم /**

**دەسەڵاتە کارگێڕیەکان :**

١- پێدانی دەسەڵاتی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ ماوەی ( ١ ) یەک ساڵ دراوە دواتر ئەم دەسەڵاتە نەدراوە .

٢- دەسەڵاتی کۆتایی هێنان بە ڕاژەی فەرمانبەران لەدوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی دراوە.

٣- دەسەڵاتی ئیفادکردنی فەرمانبەران بۆ ئیش و کاری فەرمی بۆ ماوەی ( ٣٠ ) ڕۆژ دراوە .

٤- دەسەڵات دراوە بە ئیشپێکردنی فەرمانبەرانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاری زێدەکی ( اضافی ) بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری .

٥- دەسەڵاتی تەغریم کردنی فەرمانبەران بەپێی ڕێنماییەکان تا بڕی ( ٣،٠٠٠،٠٠٠ ) سێ ملیۆن دینار دراوە .

**دووەم / دەسەڵاتە داراییەکان**

١- دەسەڵاتی پاداشت کردن بۆ ( غیر العاملین ) تا بڕی ( ٢٠٠،٠٠٠ ) دووسەد هەزار دینار دراوە .

٢- دەسەڵاتی بەخشینی پاداشت بە فەرمانبەران تا بڕی ( ٣٠٠،٠٠٠ ) سێ سەد هەزار دینارە دواتر کەمکراوەتەوە بۆ بڕی ( ٢٠٠،٠٠٠ ) دوو سەد هەزار دینار .

٣- دەسەڵات دراوە بە خەرجکردنی پێشینەی ( سلفە ) بۆ کۆمپانیا و بەڵێندەران بە پێشەکی ( سلف المقدمة ) یشەوە لە ئیمزاکردنی گرێبەست دەدرێت و پێشینەی سەرتا یان بەکاربردن واتە ( السلف الاولیة او التشغیلیة ) بەڵام دەسەڵات بۆ بابەتی ئاماژەپێدراو بوونی نیە .

٤- دەسەڵاتی کرێی کاری سەرەڕایی لەسەر هەردوو بودجەی ئاسایی و وەبەرهێنان دراوە.

٥- دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی پڕۆژە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە بودجەی ئاسایی وەبەرهێنان دراوە بەڕەهایی .

٦- دەسەلاتی خەرجکردنی چاککردنی ئۆتۆمبیل و ئامێرەکان تا بڕی ( ١٠.٠٠٠.٠٠٠ ) دە ملیۆن دینار دراوە بەلام دواتر بڕەکە کەمی کردووە بۆ ( ٥.٠٠٠.٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار .

٧- دەسەڵاتی چاککردنی ئامێری ساردکەرەوەی مەرکەزی تا بڕی ( ٥٠.٠٠٠.٠٠٠ ) پەنجا ملیۆن دینار .

٨- دەسەڵات دراوە بۆ بەکرێ گرتنی خانوو .

٩- دەسەڵاتی چاککردنی دامەزراوە ئاوییەکان و کارەباییەکان تا بڕی ( ٢٥.٠٠٠.٠٠٠ ) بیست و پینج ملیۆن دینار دراوە، دواتر تەنها دەسەڵات تا بڕی ( ١٠.٠٠٠.٠٠٠ ) دە ملیۆن دینار دراوە .

١٠- گشت دەسەڵاتەکانی جەنابی وەزیر دراوە بۆ لەرخستن و ( ئیتلاف کردن ) ی ماڵی گواستراوە وفرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت بەپێی یاسای ژمارە ( ٣٢ )ی ساڵی ١٩٨٦ تا بڕی ( ١٠٠.٠٠٠.٠٠٠ ) سەد ملیۆن دینار دواتر تەنها دەسەڵاتی پەسەندکردنی کۆنوسی خەملاندن و فرۆشتن تا بڕی ( ١٥.٠٠٠.٠٠٠ ) پانزە ملیۆن دینار .

١١- دەسەڵاتی خەرجکردن تا بڕی ( ٢.٥٠٠.٠٠٠ ) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار دراوە بۆ بۆنە و ئاهەنگ و میوانداری، دواتر تەنها ( ١.٠٠٠.٠٠٠ ) یەک ملیۆن دینار .

١٢- دەسەڵات دراوە بەسازفانی گرێبەست ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕاوێژکاران و شارەزایان لە دەرەوەی حکومەت لە پسپۆرانی زانکۆکان لە بوارەکانی پڕۆژەکە.

١٣- پێشتر دەسەڵاتی خەرجکردن بۆ کڕین تا بڕی ( ٢٥٠.٠٠٠.٠٠٠ ) دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار دراوە، دواتر بڕەکەی کەمکردۆتەوە بۆ ( ١٠٠.٠٠٠.٠٠٠ ) سەد ملیۆن دینار.

١٤- دەسەڵاتی ڕاستکردنەوەی هەڵە لە فرۆشتنی ووزە بەڕەهایی دراوە، دواتر کەمکراوەتەوە تا بڕی ( ٥.٠٠٠.٠٠٠ ) پێنج ملیۆن دینار .

١٥- دەسەلاتی بانگەواز و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان و شیکردنەوەی تەندەرەکان و ئیحالەکردن تابڕی ( ١.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠ ) یەک ملیار دینار دراوە، دواتر تەنها تا بڕی ( ٢٠٠.٠٠٠.٠٠٠ ) دووسەد ملیۆن دینار دراوە .

## پێشنیازی دەسەڵاتەکان بۆ بەڕێوەبەری گشتی مین

١. بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێل و پاص، کە نابێت لەساڵێک زیاتر بێت بەبوونی پشتیوانەی تەرخانکراوی بوودجە .
٢. واژۆکردن لەسەر گرێبەستی کارمەندانی بواری مین .
٣. جێبەجێکردنی پڕۆژە بەشیوەی ڕاستەوخۆ لە بوودجەی ئاسایی و وەبەرهێنان بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان .

**ئەو سێکتەرانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتییان لەئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا نیە پێشنیاز دەکەین :**

١- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆیان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان .

٢- هەمان ئەو دەسەڵاتانەی کە دەدرێت بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بدرێت بە بەو بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگانەی کە گشتییەکانیان لە پایتەختە .